هەڵوێستی پەنجاو سێ نەفەرو چارەنووسی زمانی نەتەوەیەک

لە ڕێکەوتی ٢٠-٤-٢٠٠٨دا داواکارییەک بە واژۆی ٥٣ نووسەر و چالاکی بواری ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی بڵاوبووەتەوە کە تێیدا داوا لە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان دەکرێت کرمانجیی خواروو بە زمانی فەرمیی ئەو بەشەی کوردستان بناسێندرێت. بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم داواکارییە هێندێک لە ئاخێوەرانی کرمانجیی سەروو کاردانەوەیەکی توندیان نیشان دا و بە کردەوە دوو بەرەی دژ بە یەکتر شکڵیان گرت و وێدەچێت ئەم باسە بەم زووانە کۆتایی پێ نەیەت. لە هەمان کاتدا چەند زماننناس و زمانزانی کوردیش لە چەند ڕوونکردنەوەی جیاوازدا بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەم بابەتە گرنگە بڵاو کردووەتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی کۆمەڵێک سەرنجی خۆم لەم بارەوە بخەمە ڕوو و هیوادارم بە نۆرەی خۆم هاندەر و ڕێگاخۆشکەری باسێکی وردی زانستیانە و بەرپرسیارانە بم لەسەر یەکێک لە گرنگترین نیشانەکانی ناسنامەی کوردبوون واتا زمانی کوردی.

١- زمان دیاردەیەکە کە لە ڕەوتێکی مێژوویی سەر هەڵدەدات و لە ڕەوتێکی مێژوویشدا گەشە دەکات. زۆر هۆکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری لە دەرەوەی گەشەی سرووشتییانەی زمان دەبنە هۆی پەرەگرتن یان لەناوچوونی زمانێک. ژمارەی ئەو زمانانەی لە سەرەتای هاتنە ئارای یەکەم کۆمەڵگەکانی مرۆڤەوە هەتا ئێستا قسەیان پێکراوە لە بەپاریزترین ئاستدا پتر لە ١٥٠٠٠٠ زمان بوونە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ژمارەی زمانەکان گەیشتووەتە نزیکەی ٦٠٠٠ و پێشبینی دەکرێت تا کۆتایی سەدەی بیست و یەکەم ئەم ژمارەیە دابەزێتە بۆ کەمتر لە ١٠٠٠ زمان. سەرەڕای ئەم ڕێژە گەورەیەی مەرگی زمانەکان، هەتا ئێستاش زمان وەک خاڵی سەرەکیی ناسنامەی مرۆڤەکان و نەتەوەکان سەیری دەکرێت.

٢- بابەتی ستانداردکردنی زمان لە دەرەوەی گەشەی سرووشتییانەی زاراوەکان لە ڕەوتێکی مێژوویيدا، بریتییە لە هەوڵی بە پلانی دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆشنبیری بۆ ئافراندن، گەڵاڵەکردن و بە ناوەندکردنی زمانێک یان زاراوەیەک، بۆ دەستەبەرکردنی زمانێکی فەرمی وەک ئامرازی پێوەندیی لە چوارچێوەی جۆگرافیایەکی سیاسیدا کە لە شێوەی دەوڵەت- نەتەوەدا خۆی دەبینێتەوە.

٣- ڕەوتی زاڵبوونی زاراوەیەک یان زمانێک بە سەر زمان و زاراوەکانی تردا بە هۆی هۆکارگەلی سیاسی، کولتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆر جاران شێوەیەکی نادێمۆکراتییانەی بە خۆوە بینیوە. ئەگەر کردەیەکی وا لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا توانیبێتی بەبێ نانەوەی گرفتی زۆر، سەرکەوتوو بێت، لەم سەردەمەدا ئەستەمە کارێکی ئەوتۆ بە سانایی سەرکەوتن وەدەست بهێنێت.

٤- دەوڵەت- نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تەنیا بە زەبروزەنگ توانیان زمانی گرووپگەلێکی ئێتنیکیی تایبەت بەسەر زمانەکانی تردا زاڵ بکەن. سیاسەتی **مستەفا کەمال** لە تورکیا و **ڕەزا خانی** پەهلەوی لە ئێران نموونەی بەرچاوی ملهوڕیی سیاسیین کە ڕەوتی سەپاندنی زمانێک و سڕینەوەی زمانەکانی تر دەکاتە ئامانجی سازکردنی نەتەوەیەکی یەکدەست و یەکزمان.

٥- پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسی خاوەنی تایبەتمەندییەکی سنووربەزێنە و هەر دەستکەوتێکی سیاسی و کولتووری لە بەشێکی کوردستاندا ڕاستەوخۆ کارتێکەریی دەبێت لە بەشەکانی تری کوردستاندا.

٦- دابەشبوونی کوردستان بووەتە هۆی بێبەریبوونی زمانی کوردی و زاراوەکانی لە تێپەڕکردنی گەشەیەکی سرووشتییانە. ئەم دابەشبوونە لە هەمان کاتدا زاراوە کوردییەکانی خستووەتە ناو هەلومەرجی جیاواز. لە کاتێکدا کە لە بەشێک لە کوردستان هەلومەرجێکی کەم تا زۆر لەبار بۆ زاراوەی کرمانجیی خواروو ڕەخسا، کرمانجیی سەروو کەوتە بەر هێرشی شۆڤێنیستانەی دەسەڵاتدارانی تورک و بۆ ماوەی هەشت دەیە هەوڵی سڕینەوەی هەموو ئاسەوارێکی درا. هەوڵی کوردەکانی باکووری کوردستان بۆ بووژاندنەوە و گەشەپێدانی زمانی کوردی سەرەڕای زەختی زۆری ناحەزانی ئەم زمانە ئەزموونێکی پڕبایەخە و دەبێ ڕێزی لێبگیرێت.

٧- کورد وەک نەتەوەیکی بێدەوڵەت لە هەوڵ و خەباتی بێوچانی خۆیاندا بە درێژایی سەدەی بیستەم، سەرەڕای کەندوکۆسپی زۆر، توانییان هەستی هاوبەشی هۆگریی بە پرسی نەتەوەیی بپارێزن و خۆ وەک نەتەوەیکی حاشالێکراو نیشان بدەن.

٨- دوو زاراوەی سەرەکیی کوردی، کرمانجیی سەروو و خواروو ئەوەندە لێک نزیکن کە ناکرێ وەک دوو زمان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکردرێت. لە هەمان کاتدا ئەم دوو زاراوەیە ئەوەندەش لە یەکتر جیاوازن کە ناکرێ وەک یەک زمان دابندرێن. هۆگریی کوردان بە یەکتر لە دەرەوەی سنووورە فەرمییەکاندا، لایەنێکی بەهێزی کوردایەتییە و ڕەوا نییە جیاوازیی زاراوەیی بکرێتە لەمپەرێک لەسەر ڕیگەی هاوچارەنووسیی مێژوویی ئەم نەتەوە بێدەوڵەتەدا.

٩- دەستەبەرکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی ناتوانێ بە فەرمیکردنی زاراوەیەک و پشتگوێخستنی زاراوەکانی تر وەدی بێت. بەپێچەوانە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ سەردەستکردنی زاراوەیەک دەبێتە هۆکاری سنووورکێشانێکی ماڵوێرانکەر لەنێوان ئاخێوەرانی زاراوە کوردییەکاندا.

١٠- وێدەچێت بە لەبەرچاوگرتنی فاکتۆرگەلی جیاوازەوە پێشنیاری دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور لەمەڕ دووستاندارددبوونی زمانی کوردی شیاوترین و گۆنجاوترین ڕێگەی هەڵسوکەوتکردن بێت لەگەڵ زمانی کوردیدا.

١١- بە باوەڕی من لە جیاتی بە هەدەردانی وزەیەکی زۆری ڕۆشنبیری بۆ سەپاندنی زاراوەیەک بەسەر زاراوەکانی تردا دەبێت پێشەنگی ڕۆشنبیری و سیاسیی کورد بێر لە پەرەپێدانی زاراوە سەرەکییەکان بکاتەوە و گرفتی زۆری ئەم زاراوانە لە بواری وشەڕۆنان، ڕێنووس و ڕێزمان چارەسەر بکات. دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان دەبێ ڕێگەخۆشکەری ئەم ڕەوتە بێت. ئەگەر بمانهەوێت زمانی کوردی لە ڕیزی ئەو ٥٠٠٠ زمانەدا نەبێت کە لە سەدەی بیستویەکەمدا لەناو دەچن، دەبێ بیر لە گەشەپێدانی زمانی کوردی بە هەر دوو زاراوە سەرەکییەکەیەوە بکەینەوە و هەلومەرجی پەروەردە و بەکارهێنانی لە هەموو ئاستەکانی خوێندن و زانستدا بۆ بڕەخسێنین.

١٢- باسێکی لەم چەشنە نەک هەر لە بواری زمانی بەڵکوو لە بواری سیاسیشدا هەستیارە و چارەسەرکردنی لە دەرەوەی داواکاریی هاوبەشی ناوچەگەرایانەدایە. ئەزموونەکانی سیاسەتی زمانیی زۆر نەتەوەی تر دەتوانن یارمەتیدەری ئێمە بن بۆ دۆزینەوەی شیاوترین ڕێگەی چارەسەرکردنی پرسی زمان. ئەزموونی ئەو وڵاتانەی دوو یا چەند زمانی ستانداردیان هەیە دەتوانێ بۆ ئێمە زۆر بە کەڵک بێ. ئەزموونی هیندییەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسی ڕێنووس و جیاوازیی زۆری زمانی دەکرێت کەڵکی لێوەرگیرێت. ئەزموونی یەهوودییەکان لە ژیاندنەوەی زمانێکی مردوودا دەتوانێت هەستیاریی پرسی زمانمان بۆ سازکردنی نەتەوە وەبیر بخاتەوە.

١٣- باسی زمان و سیاسەتی زمانی و کولتووری پێویستی بە شارەزایی و زمانێکی تێکنیکی و پسپۆڕانە هەیە، زمانێک کە دوور بێت لە توندی و بێڕێزی. هەوڵدان بۆ وەڕێخستنی باسی زانستی و زماننناسانە ئەرکێکی ئینسانی و کوردانەیە.

د.هاشم ئەحمەدزادە
٢٠٠٨.٠٥.٠٥

* سەرمامۆستای لێکۆڵینەوە کورداییەکان و هاوسەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی خوێندنگەی زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان. زانکۆی ئێکسێتر

سەرچاوە:
http://www.ruwange.blogspot.com

چەند پەیڤێک لەسەر ژینگە پارێزی

بەشی یەکەم

لەوەتەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەژیت و ژینگەیەکی بۆخۆی بنیات ناوە،خۆی پەیوەست کردووە بە کۆمەڵێ کار و کردەوەوە تا لەو ڕێگایەوە بتوانێ پێداویستیەکانی خۆی دابین بکا و بگاتە بە ژیانێکی خۆش و ئاسودە.بەڵام لەکاتی کارکردندا دیارە کە تووشی گیروگرفت و لەمپەر بووە،بۆیە بەدوای چارەسەر و دۆزینەوەی ڕێگای باشتر گەڕاوە،لەو پێناوەشدا تووشی ململانێیەکی زۆر هاتووە لەگەڵ ژینگەدا،(چ ژینگە سروشتیەکان بێت،یان ژینگە دەستکردەکان)،لە ئەنجامدا بیری نوێ و چارەسەری نوێ ی بۆ هاتووە و گەیشتووە بە قۆناغێکی باشتر.کۆبونەوەی زانیاریەکانی ڕۆژانە و گۆڕینەوەی بیرورا لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەری خۆیدا زۆر نهێنی ناو سروشتی بۆ ئاشکرا کرد،ئەمەش بووە هۆی کە بتوانێ داهێنانی گەورە و نوێ بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان لە سەرجەم بوارەکاندا ...یەکەم هەنگاوی گرنگی پێدان بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا لە(ژینگە)وە دەستی پێکرد،چونکە ژینگە ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ و گیانلەبەران و ڕووەکی تێدا دەژیت و سەرجەم پێداویستیەکانی (ئاو،هەوا،خۆراک)ی تێدایە ،بۆیە پاراستن و چاک ڕاگرتنی ژینگە بووە پێویستیەکی سەرەکی و جێگای گرنگی پێدان لەڕووی تەندروستی یەوە هەتا ژیانێکی پارێزراو بێت لە زیانی دەوروبەر و کاول کاری سروشت،چونکە ئەوە لەلای چەسپی کە ئارام بوون و خۆش بوونی ژینگە هۆکارێکی بەهێزە بۆ پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دروست کردنی شارستانی نوێ لەسەر گۆی زەوی....هەر ئەو هۆکارانەش کە ئێستا لەسەرجەم وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا وای لەخەڵکی ڕۆشنبیر و سڤیل کردووە کە فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری وڵاتەکانیان بۆ دابین کردن و چاک کردنی خۆشترین ژینگە کە دوور بێت لە پیسی کارگە و پاشەڕۆ و دەنگی بەرز و بۆنی ناخۆش و ...هتد.هەروەها لە پێناوی بەدەست هێنانی دەنگی زۆر و گرتنە دەستی کورسی دەسەڵات لەو وڵاتانەدا حزبە سیاسیە کانیش بەڵێن بە خەڵکی وڵاتەکەیان دەدەن کە خزمەتگوزاری و چاکسازیان پێشکەش بکەن لەو بوارەدا.بەراستیش کاتێ سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە ڕاستگۆ و بەوەفابوونە بۆ بەڵێنەکانیان....لەهەرێمی کوردستانیشدا چاک کردنی ژینگە و دابین کردنی ژیانێکی ئارام و ئاسودە بۆ جەماوەری خەڵکی نایەتەدی ئەگەر مسۆگەری چەندایەتی و چۆنایەتی هەموو فاکتەر و ڕەهەندەکانی پلاندانان نەکرێت لە ڕووی ئابووری و سیاسی و ژمارەی دانیشتوانەوە،دەبێ بوژانەوە و هەنگاو نان بەرەو پێش لە پێناو گەیشتن بە ئاستی وڵاتانی پێش کەوتوو بکرێت بە ستراتیژ و بریاری کۆمەڵی گۆرانکاری پەروەردەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی بدرێ و لەسەری سەرەوەی دەسەڵات تا ئەندامێکی خوارەوەی کۆمەڵگا پابەند بن پێوەی،.دەبێ دەسەڵات ئاستی ژیانی و گوزەرانی تاک و کۆمەڵگا چاک بکات و سەرجەم پێداویستەکانی بۆ دابین بکات هەتا ئەوانیش هەست بەرپرسیاریەتی و دڵسۆزی بکەن بەرامبەر بە نیشتمان و دەسەڵاتەکەیان،.وە لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی پلانی ئیداری و سیاسی دەسەڵاتی وڵات پاراستن و گەشەپێدانی (تاک)ە و بەخانەی سەرەڵدانی شۆڕشی پێش کەوتنی دەزانێ لەسەرجەم کارەکاندا دەبێ بیکا بە فاکتەری هەڵسورێنەری ڕووداوەکان و گۆرانکاریەکان لە هەیکەلی خەباتی ئابووری و مەدەنی و خۆش گوزەرانیدا هەر لەو چەمکەشەوە دەبێ گرنگی و بایەخ بدرێ داهێنان و دروست کردنی (ژینگە)یەکی دروستی دوور لە شتە بێزارکەرە ماددی و مەعنەویەکان.ئێستا نەک هەر لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەڵکو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشی و لەناو دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەتی قسەو باس وخواسێکی زۆر دەکرێ لەسەر (ژینگە) و چۆنیەتی پاراستنی گۆی زەوی لە ڕووداوە سروشتی یە گەورەکان و ڕووداوە سەربازی و تاقیکردنەوەی ناوکی و ئەتۆم و میکانیزمەکانی دنیا.هەر ئەوەش وای کردووە کە چەندین بریاری یەکلای کەرەوەی بۆ دەربکرێ و ڕێگا بگیرێ لەبەرهەم هێنانی چەک و ئامێری ژینگەپیسکەر و هەزاران ڕێنمای و زانیاری پێشکەش بە هاوڵاتیانی جیهان کراوە سەبارەت بە چۆنیەتی پاک ڕاگرتنی ژینگەکانیان لە بچوکترین کوخ و شوێنەوە هەتا دەگاتە ژینگە گەورەکەی مرۆڤ کە گۆی زەمینە..لەپلان دانان و نەخشەسازی ژینگەی تەندروستیدا زۆر پێویستە کە دەوڵەت ڕەچاوی هەندێ ڕەهەند و فاکتەر بکات کە دەبنە هۆی سەرکەوتنی کارەکە و دروست کردنی ژینگە دروستکەر و هاوکارێکی بەهێزیشن لە بونیادنانی پەیوەندیەکانی نێوان خەڵک و دەوڵەت و دەبنە بەڵگەیەکی باش بە دەستی حکومەتەوە بۆ هاندان و وەگەڕخستنی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا لە پێناوی بەشداری و هاوکاری پێکردنیان بۆ سەرخستنی پلانەکە...لێرەدا تەنیا وەکو ئاماژەیەک بۆ ئەو ڕەهەند و فاکتەرانەی تەنیا وەکو ریزبەندیەک ناویان دەهێنین بە هیوای ئەوەی لەبەشەکای داهاتوودا بتوانین هەر بابەت و فاکتەرە بەجیا باس بکەین:

١)ئاو و هەوا و پیس بوونی ژینگەی ئادەمیزاد لەماڵ و شوێنە گشتیەکان.

٢)ئامێرە میکانیکەکان و هۆکارەکانی گواستنەوە و ڕۆڵیان لە پیس بوونی ژینگە.

٣)ژاوەژاو،دەنگی بەرز چ ڕۆڵێکی هەیە لە پیس بوونی ژینگە؟.

٤)لە دروست کردنی شار ولادێ و سەیرانگاکاندا چ بکرێ هەتا بنەماکانی ژینگەیەکی دروستی لێ بکەوێتەوە؟.

٥) یاساکانی پەروەردە،چ ڕۆڵێکیان هەیە لە دروست کردنی ژینگەیەکی پاکدا؟.

٦)خۆراک پاراستن و یاسا تەندروستیەکان و ژینگە پارێزی.

ئەندازیار ئەسعەد علی

ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی ڕزگاری، نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی ئاراس پشت مزگەوتی ئەوقاف ژمارەی خانوو ١٢
ژمارەی تەلەفۆن ٠٦٦٢٥٤٨٥٨٩

ئۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە،
بەرانبەر نەخۆشخانەی ڕزگاری،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

ئۆفیسی ڕانیە
شەقامی نالی، بەرانبەر گەڕاجی نەورۆز، کتێبخانەی ڕۆژی گەل
ژمارەی تەلەفۆن
٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com